

**هونەری میدییەکان:**

ئەم خەنجەر و پەرداخە دەستکردی هونەرمەندانی میدییەکانن و هەردووکیان زۆر بە هونەرەوە لە زێڕ دروستکراون، ئەمەش بۆ خۆی نیشانەی دەوڵەتمەندی و پێشکەوتنی پیشەسازی و هونەری بەرزی ئەوانە.



**کۆچی بە زۆر:**

ئەم خەڵکەی بە دوایی یەکدا ریزبووینە، بە ژن و پیاو و منداڵەوە کە پیاوەکان دەستیان بەستراوە، میدییەکانی دانیشتووی ئەم شارە قەڵایەن کە دەرگاکەی دیارە، ئەوەش ئاشوورییەکانن بە زۆر رایاندەگوێزن، لە وینەکەشدا دیارە کە خەڵکەکە هەر هێندەماڵی خۆیان لە گەڵ خۆ دەبەن کە ژنەکان بەشان بۆیان هەڵدەگیرێ ئەکۆچڕەوەش لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین رووی داوە، ئەمەش بەڵگەیەکی تری هەبوونی میدییەکانە پێش دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکەیان وەک خاوەن قەڵا و حکومەت جگە لەوەی بەڵگەیەکیشە، کە میدی –کورد– زۆر لە مێژەو بە زۆر شێوە لە قەڵا و شار و وڵاتی خۆی دوور دەخرێتەوە.





**ئەسکەندەری شاخدار:**

ئەم وێنەیە لە سەدەی دووەمی پێش زایین دروستکراوە، لێرە ئەسکەندەر وەک سەرکردەیەکی شاخدار بەرجەستە کراوە، کە لە سەرچاوە مێژوویی و دەقە ئەفسانەییەکان، هەندێکیان باسی ئەوە دەکەن، کە ئەسکەندەر دوو شاخی هەبووە، هەندێکیش (ذوالقرنين) بە مانای خاوەنی دوو شاخ لێکدەدەنەوە. ئەسکەندەر بۆ خۆی و شاخدارییەکەشی زیاتر کردوویەتی بە پاڵەوان و کەسایەتییەکی ئەفسانەیی.



**ئەسکەندەری غەمبار:**

ئەمەش وێنەیەکی تری ئەسکەندەرە و هەر لە سەدەی دووەمی پێش زایین دروستکراوە؛ بەڵام، لەم وێنەیەدا وەک خواوەندێکی گەنج و غەمبار بەرجەستە کراوە.